www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:20 9-7-2006

# بۆ خۆپیشاندان بۆ بەردەم سەفارەتەکانی عێراق لە ڕۆژی 8/21 گرنگە؟ ... قادر نادر

لە چەند ساڵی ڕابردودا، چاک بە هاوکاری کۆمەڵێک ڕێکخراو وکەسایەتی، توانی کۆمەڵێک چالاکی گرنگ و کاریگەر ئە نجام بدات بۆ ناساندنی مەسەلەی ئەنفال و کیمیابارانی خەڵکی کوردستان کەدەتوانین لەمانەی خوارەوە بەکورتی چر بکەینەوە.
گەورەترین پاڵپشتی بوو بۆ گروپی بەگەڕخستنی دادگایی کردنی نزار خەزرەجی، زیندانی کردنی تاوانبار فرانس ڤان ئەنرانت و ناساندنی مەسەلەی کیمیابارانی خەڵکی کوردستان بە جینۆساید لە دادگایەکی ئەوروپیدا، خۆپیشاندان لە 8 وڵاتی ئەورپا و کەنەدا، بۆ فشارخستنە سەر حکومەتی میسر و ڕسواکردنی لەنێو دەزگاکانی سیاسی و ڕاگەیاندنی جیهانی و عەرەبیدا بەهۆی بردنی 18 کچی ئەنفالی کورد بۆ یانەکانی شەوانی میسر، پەیوەندی و دیدار لەگەڵ چەندین پارت و کەسایەتی پەرلەمانی و وڕێکخراوەیی سیاسی ومرۆیی و جەماوەری لە ئەورپادا... ئەمە جگەلەو چالاکییە هەمەجۆرانەی ڕۆژانە چاک دەیکات، کە بۆتە هۆی ئەوەی مەسەلەی ئەنفال و هەڵەبجە لەیادکردنەوەی دوو جار لەساڵێکدا تێبپەڕێت 16 /3 و 4/14 بەڵکو ببێتە بابەت وخەمی ڕۆژانەی ڕۆشنبیران وهەندێ پارتی سیاسیدا، هەر بۆیە سەرجەم ئەم چالاکیانە ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئێمەی کوردیش وا ڕێچکەی بەناساندنی جینۆسایدی گەلەکەمان گرتۆتە بەر وەک گەلانی ئەرمەن و جولەکە.
خۆپیشاندانی 8/21 یش گەورەترین گۆڕانی ئەم پەروەندە یە دەبێت ئەگەر بتوانین سودی لێ ببینین؟.
دەمێکە لەبەرنامەی چاک دا بوو کە هەوڵ بدات ڕۆژی دادگایی کردنی گەورەترین تاوانباری جینۆسایدی گەلەکە مان (سەدام حوسێن) بکات بە خۆپیشاندانی سەرتاسەری، بەڵام بە هۆی نەزانینی کاتی دادگایی کردنەکە، نەیدەتونی دەست بەکار بێت. بۆیە هەرلە گەڵ ڕاگەیاندنی 8/21 بە ڕۆژی داگایی کردنەکە لە دوو ڕۆژی دواتر چاک داوای کەمپینی سەرانسەری کرد، بۆ بەردەم سەفارەتەکانی عێراقیدا کە بەخۆشحاڵییەوە ئەوەی ئێمە وەک سەرەتا هەست پێ دەکەین، دەنگدانەوەو جوڵانەوەیەکی باشی دروست کردوە لەکوردستان وهەندەراندا، کە چاوەڕوان دەکرێت لە خۆپیشاندان بۆ 18 کچەکەی گەرمیان زیاتر دەنگدانەوە و ناساندنی ببێت بۆ مەسەلەی ئەنفال.
بەداخەوە لە 15 ساڵی ڕابردودا دەسەڵاتدارانی کوردستان یەکجار کەم تەرخەم بونە لە ئاست ناساندنی ئەم مەسەلە گرنگە لە نێو دەزگا سیاسیەکانی ئەورپادا.
دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئاستی جەماوەری و دارایی چاک سنوردارە، ئەگەر دەزگا سیاسیەکانی کوردستان هێزو توانای خۆیان نەخەنە گەر لەم ڕۆژەدا ئەو دەسکەوتە سیاسییە بەدەست ناهێنین کە بوار هەیە. بەڵام لەئەزمونی خەبات کردنمان بۆ مەسەلەی دادگایی نزار خەزرەجی و18 کچی ئەنفالی کورد، ئەوەی دەرخستوە ئەگەر ژمارەکە هەر چەندێک بێت کاریگەری باشی خۆی دەبێت لەناووەی کوردستان ودەرەوەدا.

چاک بۆ خۆپیشاندانی بەردەم سەفارەتەکانی عێراقی هەڵبژارد؟
1/ڕۆژی 8/21 دەکەوێتە ڕۆژی دووشەمە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێک کەس نەتوانن بە شدار بن، لە کاتێکدا ئەگەر ڕۆژەک پێشوو تر ئەنجام بدرێت، ئەوا بەسەدان کەس زیاتر بە شدار دەبێت. ئەگەرچی مەسەلەی ئەنفال ئەوەندە دەهێنێت هەریەکە کمان چەند کاتژمێرێک لەکارەکەی بوار وەربگرێت، ئاخر ئەم هەڵە دێرینە هەموو کات وا ڕێک ناکەوێت؟
بەڵام ڕۆژی 8/21 ئەگەر خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی لە هەر شوێنەکی تر ساز بکرێت جگە لەبەردەم سەفارەت و قونسڵگەکانی عێراق ئامانجەکەی خۆی ناگەیەنێت کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقدا کورد ڕووبەڕوی کوشتاری بە کۆمەڵ و سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی بۆتەوە. ئەمە جگە لەوەی دەبێتە

شلۆقاندنی ئەو گۆماوە سیاسیەی کە ئێمەی کورد نەتەوەیەکی جیاین لە عێراقی عەرەبیداو ئەگەر ئە مرۆش بە هۆی هەندێ هۆکاری ناوەخۆو دەرەوە نەتوانراوە جارِی سەربەخۆیی ڕابگەیەنرێت، بەلام زۆر ئەستەمە تاسەر بە هیچ هێزێک کورد گوتەنی 3 سەر لە نێو یەک مەنجەڵدا شوێنی ببێتەوە. بۆیە گرنگە ئێمە هەر لە ئێستاوە حکومەتی عێراق وەک تاوانبار بناسێنین و پرۆتستۆی بکەین.

دەبێت ئەوەشمان لەیاد نە چێت کە بە بوونی پلەی سەرۆک کۆماری و هەندێ پلەی سیاسی تر، کیشەی خەڵکی کوردستان کۆتایی نایێت، چونکە لە گەڵ هە ر گۆڕانێکی سیاسی ئەگەری زۆرە هەموو ئەو پلە سیاسیانە لەدەست بدرێت و هاوکێشەیەکی نوێ ی سیاسی بێتە ئاراوە؟.

ئەمە جگە لەوەی هەر فشارێکی نەتەوەیی لە بەرامبەر حکومەتی عێراق، پێگەیەکی بەهێز دەبەخشێتە نوێنەرانی سیاسی کورد لە بەغدا. خودی ئەم دێرە لە زاری د بەرهەم و د مەحمود چەندان جار دوپات کراوەتەوە.

2/ زۆربەی کارو چالاکیەکانی چاک بناخە دانانە یان بەهێز کردنی بناخە سەرەتایەکانی خەباتە بۆ ناسینی ئەنفال و کیمیابارانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان وەک مەسەلەی جینۆساید لە نێوە ندە سیاسی و بڕیار بەدەستانی جیهانەوە، بۆیە ئەوەی چاک تا ئێستا کردویەتی و دەیکات بەپاڵپشتی چەندین ڕێکخراو کەسایەتی نیشتمان پەروەر تەنیا کەم کردنەوە ئەرکی نەوەکانی داهاتومانە، ئەمە جگەلەوەی دەمانەوێت لە بەرامبەر مێژوو دا ڕوبەڕوی کەمترین ڕەخنە ببینەوە، بۆیە نابێت خەڵک چاوەڕێ بکات مەسەلەی ئەنفال و هەڵەبجە بە ڕۆژێک و ساڵێک و چەند خۆپیشاندانێک دەگاتە ئامانج ئە مە خەباتێکی درێژ خایەنە. بەڵام چەندە کارو چالاکیەکان زیاتر بکەین ئەوەندە لەسەرکەوتن نزیکتر دەبینەوە. هەر لەم ڕوانگە یەوە ئەگەر سەیر بکەین ئەرمەنەکان وا نزیک بە 90ساڵە خەبات دەکەن کەچی هێشتا هەموو ئامانجەکانیان نە پێکاوە.

3/ هەڵگرتنی دروشمی داوای لێبوردنی حکومەتی عێراق لە گەلی کورد هەر وتەیەک نابێت و تەواو بێت؟ بەڵکو ئەمە کۆمەڵێک مەرج و داخوازی سیاسی بەدواوە دێت، وەک قەرەبوکردنەوەی قوربانیان و بەدەستکەوتنی دکۆمێنتێکی گرنگ، کە ئەم میللەتە مافی دەوڵەتی نەتەوایەتی خۆی هەیە و گەڕانەوەی بەشێک لەکەڕامەتی نەتەوایەتی و.... هەر ئەمانەشە وای کردوە تورکیا هەموو هەوڵە دیبلۆماسی و سیاسیەکانی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی کوشتاری بە کۆمەلی ئەرمەنی لەسەر ساخ نەبێتەوە.

4/بەداخەوە ئێمەی کورد لەململانێ سیاسیەکان تەنیا قەدەری خۆمان خستۆتە بەردەستی سەرکردەکانەوە، کە ئەوان ببنە بڕیاردەری هەموو مەسەلە کاتی و مێژویەکانمان!؟ بێ ئەوەی گەل هیچ ئاخاڤتن و بیروڕایەکی سیاسیانەی خۆی بە شێوەیەک لە شێوەکان دەربڕبڕێت!!؟ ئەمە جگە لەوەی سەرکردایەتی کورد لەململانێ کردنی لەگەل بەغدا زۆر بەدەگمەن سودی لەفشاری جەماوەری بینیوە؟.

5/ دەبێت بە ڕاشکاوی بڵێین زۆربەی تاکی ئەوروپی کارەساتی ئەنفال ناناسێت؟ بەداخەوە لەکوردستانیش مەسەلەی ئەنفال هێشتا نەهاتۆتە ئاستی کیمیابارانی هەڵەبجە؟ لەکاتێکدا خودی کیمیابارانی هەڵەبجەش بەشێک بوو لەو پرۆسە سیاسیەی بەعس کە کورد قڕان بکات. بۆیە گرنگە ئێمە بەلایەنی کەم هەوڵ بدەین تاوانی ئەنفال وەک قۆناخی یەکەم بهێنینە ئاستی ناسین و کارەساتی هەڵەبجە لە نێو میدیاو دەزگا سیاسیەکانی ئەوڕپا، کە خۆپیشاندان و دادگایی کردنی سەدام لە ڕۆژی 8/21 تەکانێکی گەورە بە ناساندنی تاوانی ئەنفال دەدات.

5/ هەمومان بینیمان هەموو ئەو گەلانەی بەهۆی ئەو کوشتارە بەکۆمەلانەی لێیان کراوە، توانیان هەست وسۆزی جیهانی بۆ لای خۆیان بەدەست بهێنن و تەکانێکی گرنگیش بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەیانی پێبدەن، وەک تەیموری ڕۆژهەلات لەبەرامبەر ئەندەنوسیا، بۆسنیەکان لە بەرامبەر سربەکان، کوێتیەکان لەبەرامبەر ڕژێمی بەعس... کەچی ئێمەی کورد قوربانیەکانمان زۆر لەو نەتەوانە گەورەترە، کەچی تائێستا نەمان توانیوە سودی لێ ببینین بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی نەتەوایەتیمان.

لەکۆتاییدا ئەوە دەڵێم لەپرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەکانی کوردستاندا، لوتکەی سوکایەتی بووبە کەرامەتی نەتەوایەتیمان، بۆیە گرنگە لەرۆژی 8/21 هەمومان بەدەر لە هەر رەخنە وتێبینیەکمان لە لەسەر یەک هەبێت وەک یەک نەتەوە قسە بکەین. هەوڵیش بدەین لەم رۆژەد اکەمێک وەفاداری خۆمان دەربېرین ئەگەر چەندە بچوکیش بێت، بۆ ئەو دەیان هەزار منداڵانە مان کە لەخواروی عێراقەوە یان سەگەکان خواردیان یان بە مێشکی بەعس گەورەیان کردون، کچان و ژنانمان وەک کۆیلە فرۆشران، بە دەیان هەزار گەنجمان گولە باران کراون هەموو ئەمانەش یەک ئامانج بوون کە کوردن دەبێت قر بکرێین.

با لەم رۆژە هەمومان راستگۆ بین لەبەرامبەر ئەم وشانەی رۆژانە دەینوسین و دەریدەبرین، رۆژی کارو وەفاداری و گەرانەوەی کەرامەتی نەتەوەییمانە، رۆژێکە ئەگەر ئەم هەڵە مێژوویە لەدەست بدەین دەکەوینە بەر رەخنەی نەوەکانی داهاتوومان و مێژووش رە حم بەکەسمان ناکات.

هەوومان دەبینین لەهەموو ولاتێک لەپێناوی ئازادکردنی یەک تاکیان هەموو ریگایەک دەگرنە بەر بۆ ئازاد بوونی، کەچی ئێمە 182 هەزار کەسمان بە درندانەترین شێوە لەنێو براون کەچی هیچمان نەکردوە بۆیان !!؟؟.